# The process of Zero drafting in Kurdish language From the perspective of lexical morphological theory

Hawkar Omer Khidhir [1], Dler Sadiq Kanby[2]
[1]Soran University- Faculty Of Education- Kurdish Department, [2]kurdish Department-Faculty of Arts-Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.21*

*Published: 15/1/2025*

***Abstract***
*In the basis of morphological morpheme theories, morphemes are considered the primal of formation processes. However, in a process of converting (zero drafting), the theory cannot represent the formation of some words such as in (جوان) -Adj, (جوان) -N. In this process, no affixes are contributing the formation. There is no foundation for the rules of these words which goes through with the process of drafting. It is apparent that lexical morphological models can determine the formation schemas of words which undergoes through the zero-formation process. The characteristics are determined in language on the basis of formation charts. When words become bases, the affixes will only have the function of changing their properties. So modifying the characteristics of words determines the processes. In Kurdish language, all processes of legal Zero drafting formed in the second lexical Strata, except that returns back to the lexical from syntax due to the stress position are the main force in changing the first lexical strata.*

***Keyword**: Schema, Zero derivation, Lexical Morphology, Strata.*

# پرۆسەی داڕشتنی سفر لە زمانی کوردیدا
# لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی لێکسیکیەوە

م. هاوکار عمر خضر
فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران
hawkar.khidhir@soran.edu.iq

پ. ی. د. دلێر سادق کانەبی
فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران
diler.kanaby@soran.edu.iq

**پوختە:**

لە تیۆرەکانی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم بناغەدا، مۆرفیمەکان بە بنەمای پرۆسەکانی ڕۆنان دادەنرێن، بەڵام لە پرۆسەیەکی وەک گۆڕین (داڕشتنی سفر)دا، تیۆرەکە ناتوانێت ڕۆنانی هەندێ وشە ڕوونبکاتەوە، وەک لە: [جوان]ADJ [جوان]N دا دیارە. لەم پرۆسەیەدا هیچ گیرەکێک بەشداریی ڕۆنانەکە ناکات؛ بنەمایەک بۆ پیشاندانی یاسا ڕۆنانیەکانی ئەم وشانە نادۆزرێتەوە، کە بە پرۆسەی داڕشتن تێدەپەڕن.

مۆدێلەکەی کیپارسکی لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی، دەتوانێت نەخشەی ڕۆنانی ئەو وشانە دیاریبکات، کە بە پرۆسەی داڕشتنی سفردا تێدەپەڕن. ئەویش بەپێی بنەمای نەخشە ڕۆنانیەکان تایبەتمەندیەکانیان لە زماندا دیاریدەکرێت. کاتێک وشەکان دەبنە بنکە، گیرەکەکان تەنیا ئەرکی گۆڕانی تایبەتمەندیەکانیان دەبێت. لێرەدا گۆڕانی تایبەتمەندیی وشەکان، پرۆسەکان دیاریدەکات. لە زمانی کوردیدا هەموو پرۆسەکانی داڕشتنی سفری یاسامەندانە لە دووەم چینی فەرهەنگیدا پێکدێن، جگە لەو کارانەی لە سینتاکسەوە دەگەڕێنەوە ناو فەرهەنگ، لەبەرئەوەی جێکەوتەی هێزی سەرەکییان دەگۆڕێت، لە یەکەم چینی فەرهەنگی دێن.

کلیلە وشەکان: نەخشە، داڕشتنی سفر، مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی، چین.

# پرۆسەی دارشتنی سفر لە زمانی کوردیدا
# لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی لێکسیکییەوە

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی پرۆسەی دارشتنی سفر لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی لێکسیکییەوە، کە توێژینەوەیەکی مۆرفۆلۆژیە، ڕێگایەکە بۆ شیکردنەوەی ئەو پرسە ڕۆنانیانەی بە دارشتنی سفر ناسراون، کە بە گۆرانی تایبەتمەندیەکانیان دروستدەبن و بەپێی کارکردن لەبارەی بنەمای تایبەتمەندیەکانی نەخشەی ڕۆنانی دەخرێنەڕوو؛ هەروەها چۆنیەتیی دروستبوونی وشەکە و شێوەی گۆڕانە سەروسەگمێنتیەکانیشیان ڕووندەکرێنەوە.

**هۆکاری نووسینی توێژینەوەکە:**

لە زمانی کوردیدا ئەو توێژینەوانەی لەبارەی ئەم شێوە ڕۆنانەی وشە (گۆڕین) دواون، بە بڕوای ئێمە بەپێی مۆدێلی (مۆرفیم بناغە) لێکیانداوەتەوە. بەڵام ئەم مۆدێلە ناتوانێت ئەم جۆرە وشانە ڕوونبکاتەوە. لێرەدا بەپێی مۆرفۆلۆژیی (وشەبناغە) و بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی ئەم پرۆسەیە گۆڕانە لە تایبەتمەندیی وشەیی و دەتوانرێت بە ڕوونی نەخشەی ڕۆنانی ئەم وشانە لێکبدرێتەوە.

**ڕێباز و سنووری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بە ڕێبازی وەسفی ئەنجامدراوە، سنووری توێژینەوەکە دەکەوێتە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژی، بەپێی مۆدێلی (کیپارسکی-١٩٨٢ A) لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی دەخرێتەڕووو. داتاکانیشی لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی وەرگیراوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پوختە و پێشەکی، لە سێ تەوەر پێکهاتوە: تەوەری یەکەم باس لە زاراوە و چەمکی دارشتنی سفر دەکرێت، ئینجا سروشتی وشە و پەیوەندی بە پرۆسەی دارشتنی سفرەوە دەخرێتەڕووو، دواتر ئەلۆمۆرف و هێز لە مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی باسکراوە. لە تەوەری دووەمدا دەستپێکێک لە مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی و مۆدێلی (کیپارسکی-١٩٨٢ A) لەم تیۆرەدا ڕوونکراونەتەوە. لەتەوەری سێیەمدا جێکەوتەی پرۆسەکانی دارشتنی سفر لەناو چینە فەرهەنگیەکاندا دیاریکراوە؛ لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم

## سەرەتایەک بۆ دارشتنی سفر

### ١-١: زاراوە و چەمکی دارِشتنی سفر (گۆڕین)

لە مێژوی زمانەوانیدا، هەردوو زاراوەی (Conversion) و (Zero derivation) لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ پرۆسەی دارِشتنی سفر بەکارهێنراون. لە سەرەتادا (Conversion) بە چەمکی گۆڕان دێت، کاتێک وشەیەک لە کاتیگۆریەکەوە دەبێتە کاتیگۆریەکی دیکە و هەموو ئەرکە سینتاکسیەکانی وەردەگرێت (Schönefeld, 2005: 135). لێرەدا ئەم زاراوەیە زیاتر وەک پرۆسەیەکی سینتاکسی دەردەکەوێت، نەک پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی، ئەمەش لە زمانی کوردیدا زیاتر بە (گۆڕین) ناوبراوە.

دواتر کویرک (Quirk) چەمکی گۆڕین (Conversion)ی گۆڕیوە، بەبێ ئەوەی بە پرۆسەیەکی جیاواز ناویبهێنێ. گوتویەتی، پرۆسەیەکی دارِشتنە؛ یان گۆڕدراو بۆ پۆلێکی نوێی وشە، بەبێ ئەوەی هیچ گیرەکێکی بۆ زیادبکرێت. ئەم گۆڕانە هاوشێوەی پاشگرلکاندن، نەک پێشگر (Schönefeld, 2005: 136)، لێرەدا چەمکەکە دەگۆڕدرێت و بە پرۆسەیەکی دارِشتن دادەنرێت؛ بەڵام ئەمە کێشەکە چارەسەرناکات، بە نموونە:

(هەڵکەوت) کار← (هەڵکەوت) ناو.

لەم پرۆسەیەدا بەڕوونی هەست بە بوونی گیرەکێک (بەفۆرمی سفرەوە) دەکرێت. وەک هەر پرۆسەیەکی دیکە، ڕۆڵی گیرەک بەڕوونی دیارە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە، تاوەکو بزانرێت ئەم گیرەکە پێشگرە، یان پاشگر (Booij, 2010 : 39).

هەروەک مارچەند (Marchand) ئاماژەی بەوە داوە، کە ڕۆنانی مۆرفیمی دیار و مۆرفیمی سفر، دوو شێوەی هاوتەریبن، هەردووکیان بەشێکن لە پرۆسەکانی وشەڕۆنان و تایبەتمەندیەکانی مۆرفیمی وشەدارِێژیان بەڕوونی تێدا دیارە. ئەم هاوتابوونەیان لە کارەکانی (Hansen’s, Lipka’s & Kastovsky’s)دا بە ئاشکرا دیارە، ئەمەش وەک دارِشتنی سفر ناسێنراوە. لێرە کێشەی دیکەش دێتەپێش، ئەویش ئەگەر وەک مۆرفیمێکی سفر هەژماربکرێت، ئەوا دەچێتە ژمارەیەکی زۆر کاتیگۆری و دەبێتە ئەلۆمۆرفی زۆربەی گیرەکەکان (Schönefeld, 2005 : 136-137). ئەمەش کێشەیەکی دیکە بۆ بوون بە مۆرفیمی سفر دروستدەکاتت. لە هەنگاوی یەکەمدا، هەوڵدراوە ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی بناسێنرێت، بەڵام ناتوانرێتت بەپێی مۆدێلی (مۆرفیم بناغە) چارەسەربکرێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە، پرۆسەی ڕۆنانی مۆرفیمی سفر بەرەو پرۆسەی دارِشتنی سفر لە وشەڕۆنان هەنگاودەنێت، ئەم پرۆسەیە یەکسان نییە بە دانانی مۆرفیمی سفر، چونکە مۆرفیمی سفر ئاماژەیە بە یەک مۆرفیم و یەک ئەرک، بەڵام لە دارِشتنی سفردا ئاماژەیە بە گۆڕانی

تایبەتمەندیی وشەکە، کە هاوتای ژمارەیەکی جیاوازی گیرەکە، کە لە پرۆسە ڕۆنانیەکاندا وشەی جیاواز پێکدەهێنێت.

لە زمانی کوردیدا بەرانبەر ئەم زاراوەیە کۆمەڵێک زاراوە بەکارهێنراون، وەک: (گۆڕین)، بڕوانە: (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٢٩) و (محمد، ٢٠١٩: ١٣٥)؛ زاراوەی (وەرچەرخان)، بڕوانە: (مەحویی، ٢٠١٠: ١٦٨) و (محمد، ٢٠١٩: ١٣٥)، زاراوەی (ڕاگوێزان)، بڕوانە: (کەرەمی، ١٣٩٦: ٤١). هەموو ئەوانە ئاماژە بە گۆڕین، گواستنەوە، وەرچەرخان دەدەن، یەک واتا و مەبەست دەگەیەنن. ئەمەش پێدەچێت لەبەر وەرگێڕانی وشەیی (Conversion)ی ئینگلیزی بێت. بە هەمان شێوە لە زمانی عەرەبی و فارسیشدا زاراوەی (تبدیل)ی بۆ بەکارهێنراوە. بەم شێوەیە ئەم چەمکەیان ناساندوە:

- وەرچەرخان: گۆڕینێکە لە گۆکردن/ ئەرکی وشەیەکدا، بەبێ وردکردنەوە (مەحویی، ٢٠١٠: ١٦٨).
- گۆڕین: فۆرمێکی وشەڕۆنانە، بنکەکە هیچ گۆڕانێکی فۆرمیی بەسەردانایەت، بەڵکو تەنیا کاتیگۆریی وشەکە دەگۆڕێت. (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٢٩).
- گۆڕین: پرۆسەیەکی دارشتنە، بەبێ گیرەکلکاندن. (Katamba & Stonham, 2006: 118).
- گۆڕین: گۆڕانە لە ئەرکی وشەدا (Yule, 2020: 63).
- گۆڕین: بریتییە لە گۆڕینی وشەیەک لە پۆلێکی وشە بۆ پۆلێکی دی. (https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/conversion )

لەم پێناسانەدا ئەم بۆچوونانەی لەبارەی گۆڕینەوە هەن:

- بەشێکیان پێیانوایە گۆڕین پرۆسەی گۆڕانی ئەرکی پۆلی وشەیەکە بە هەمان فۆرم، وشەکە تەنیا جیاواز لە ئەرکە سینتاکسیەکەیدا ڕوودەدات.
- بەشێکی دیکە ئەمە بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی دادەنێن، ئاماژە بە ئەوە دەدەن پرۆسەیەکی وشەڕۆنانە، بەڵام ئاماژە بەوە نادەن، کە پرۆسەیەکی سەربەخۆیە یان جیاوازە، بەشێکیان ئەمە بە پرۆسەیەکی دارشتن دادەنێن.
- لە هیچ بارێکدا گۆڕانی سەگمێنتی بە سەر وشەکەدا ناهێنێت.
- هەندێکجار گۆڕانی سەروسەگمێنتی بە سەر وشەکەدا دەهێنێت.

لە زمانی کوردیدا تەنیا یەک تێڕوانین بۆ ئەم پرۆسەیە هەیە، ئەویش لەسەر بنەمای چەمکی گۆڕینە، نەک دارشتنی سفر.

پرۆسەکانی دارشتنی سفر لەلایەک و مۆرفیمی سفر و گۆڕین لەلایەکی دیکەوە، دوو شێوەی جیاوازی ڕۆنانین. لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم بناغەدا، هەوڵدراوە لەسەر بنەمای دەسەڵاتداریەتی، لە پرۆسە ڕۆنانیەکان بڕوانرێت، بۆیە پێیانوایە؛ "گۆڕین پرۆسەیەکی

وشەڕۆنانییە و گۆڕانی پۆلی وشەکە دەبێتە چەق، بەڵام لە داڕشتنی سفردا مۆڕفیمی سفر دەکرێتە چەق" (خالد، ٢٠٢٢: ٤٤). ئەم پرۆسەیە لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیدا، کە تیۆرێکی وشەبناغەیە، تێڕوانینێکی جیاوازتری لە مۆرفیم بناغە بۆ پرۆسەی داڕشتنی سفر هەیە. لێرەدا پرۆسە ڕۆنانیەکان بەپێی نەخشە(schemaeme)ی ڕۆنانیەکانە، کە نزیکیی ڕووی لێکچوونی نێوان وشەکان لەلایەک و تایبەتمەندیەکانی وشەکە لەلایەکی دیکە لێکدەدرێتەوە. بەم پێیە، لە ڕووی مێژووییەوە شێوەکانی خستنەڕووی ئەم دیاریدەیە دوو ئەگەری هەیە: .( Max, Rimell, (Palmer & Pado, 2016 : 93

یەکەم: گۆڕین، پرۆسەیەکی وشەڕۆنانە بە گۆڕینی پۆلی وشەکە. گریمانەی ئەوە دەکرێت، ئەمە جۆرێک بێت تەواو جیاواز بێت لە جۆرەکانی دیکەی مۆرفۆلۆژیی داڕشتن. کەواتە: ئەم پرۆسە ڕۆنانیە تەنیا گۆڕانی ئەرکەکەیەتی لە ئاستی سینتاکسدا، ئەمە نابێتە پرۆسەیەکی داڕشتن لە مۆرفۆلۆژیدا.

دووەم: داڕشتنی سفر، پرۆسەیەکی داڕشتنە. بەم پێیە، ئەم دەستەیان وەک پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی لە پرۆسەی داڕشتنی سفر دەڕوانن.

کەواتە: ئەم پرۆسەیە لە سەرەتادا پەیوەندیی بە ڕۆنانەوە نەبوو، تەنیا گۆڕانی ئەرکی وشە بوو. دواتریش پاش ئەوەی وەک هەر مۆرفیمێکی دیکە لێیڕوانرا لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، بەڵام دیسان نەتوانرا کێشەکە چارەسەربکرێت.

### ١-٢: ڕۆنانی وشە و داڕشتنی سفر

وشە ناسادەکان شێوەی پێکهاتنیان بە پرۆسەکانی گیرەکلکاندن، یان لێکدان، یاخود بە هەردوو پرۆسەکە یان زیاتر، پێکدێن. بەڵام داڕشتنی سفر لە ڕووی فۆرمەوە شێوەیەکی جیاوازی پرۆسەکانی وشەڕۆنان پیشاندەداتت. لێرەدا وشە هەموو تایبەتمەندیەکانی دەگۆڕێت و وشەیەکی نوێ بەرهەمدێت، بەبێ ئەوەی فۆرمەکەی بگۆڕێت.

ئەوەی ئەم فۆرمە لە فۆرمەکانی دیکەی وشەڕۆنان جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە فۆرمی وشەکە لە هەموو ڕێگا ڕۆنانیەکاندا دەگۆڕێت، بەڵام لە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی داڕشتنی سفردا ناگۆڕێتت، بۆ نموونە: $[\text{Head}]_N \rightarrow [\text{Head}]_V$

وشەی (Head) لە زمانی ئینگلیزیدا هەم ناوە و هەم کاریشە، هیچ جیاوازیەکی دەنگی و فۆرمییان نییە (Katamba & Stonham, 2006: 56). بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە هیچ وشەیەکی فەرهەنگی دروستنابێت، تاوەکو لە فەرهەنگدا بە ناو پرۆسەیەکی ڕۆنانی تێنەپەڕێت.

سەرەتا لەم پرۆسەیەدا، لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆژیەکان کەمتر بایەخیان بە دۆزینەوەی سروشتی پرۆسە ڕۆنانیەکە دابوو، ئەوانە بە دوای دۆزینەوەی بنەما ڕۆنانیەکانەوە بوون. واتە: ئامانجیان دیاریکردنی بنەڕەتەکە بووە، کە بەشێوەی پرسیارکردن لەبارەی مێژووی بنەڕەتیی وشەکە بووە، ئاخۆ کام لەم وشانە بنەڕەتین و وشەکانی دیکەیان لێوەرگیراوە (Kiparsky, 1982 A: 5).

مارچەند (Marchand, 1963, 1965, 1969) پێشنیازی ئەوەی کردوە، لەگەڵ ئەو بنەمایەی پێشوو، کە کام وشە بنەڕەتە بۆ وشەکانی دیکە، بەلام لەم پرۆسەیە فاکتەری یەکلاکەرەوە واتایە. (Katamba & Stonham, 2006: 119) لە هەموو وشەکان یەکێکیان دەبێتە بنەڕەت بۆ ئەوانەی دیکە لە ڕۆناندا. وەک لە وشەی (هەڵبەست)دا، (کار) بووە بە بنەما بۆ ڕۆنانی (ناو)ەکە.

لەم دواییانەدا زۆربەی زمانەوانەکان بە ئاراستەی ڕێبازی وەسفی لە پرۆسەی داڕشتنی سفر دەڕوانن. ئەو گیرەکەی لە داڕشتنی ئەم پرۆسەیەدا بەشدارە، گیرەکێکە بە مۆرفی سفر دەناسرێت، واتە: لەم جۆرە مۆرفەدا (input) و (output)ی بنکەکە وەکیەکە و هیچ جۆرە گۆڕانکاریەکی تێدا دروستنابێت (بڕوانە: ناوخۆش، ٢٠١٨: ٣٥).

زمانەوانە کوردەکاتن لەو باوەڕەدان. ئەم پرۆسەیە بنەمایەکە بۆ گۆڕینی پۆلی وشە، نەوەک زیادکردنی گیرەکێکی سفر بۆ بنکەیەک، بە واتایەکی دیکە، مەبەست لە داڕشتنی سفر گۆڕینی پۆلی وشەیە بەبێ هیچ زیادکردنێک بۆ وشەکە (کەڕەمی، ١٣٩٦: ٤١)، (مەحویی، ٢٠١٠: ١٦٨)، (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٢٩)، (خالد، ٢٠٢٢: ٤٤)، (محمد، ٢٠١٩: ١٣٥).

داڕشتنی سفر زاراوەیەکە بۆ پرۆسەی ڕۆنانی وشەیەک، بەهۆی پرۆسەیەکی گیرەکلکاندن بە مۆرفێکی (سفر)، کە دەبێتە هۆی گۆڕانی تایبەتمەندیەکانی بنکەکە. کە بنەمای واتایی و کاتیگۆریی وشەکەش بگۆڕێت. لە هەندێ وشەدا گۆڕانی سەروسەگمێنتی ڕودەدات، بە بێئەوەی فۆرمی بنکەکە بگۆڕێت.

لەم تیۆرەدا جیاوازیی نێوان پرۆسە ڕۆنانیەکان بەلاوەدەنرێت، لەسەر بنەمای هاوبەشی لە فۆرمی ڕۆنانی وشەکان دەڕوانرێت و وشە دەبێتە چەق و شتێک بە ناوی مۆرفیم نامێنێت، بەڵکو ڕۆنانی وشەکان لە ڕێگای گۆڕانی تایبەتمەندیەکانیان دیاریدەکرێن، هەروەها لەسەر بنەمای کاریگەریی فۆنۆلۆژییان لەناو چینەکانی فەرهەنگیدا دێن (بڕوانە: kiparsky, 1982 A).

ئەم پرۆسەیەش داڕشتنی پێوەدیارە وەک هەموو پرۆسەکانی دی وشەڕۆنان. کاتێک وشەیەکی نوێ پێکدەهێنرێت، گۆڕان بە سەر فۆرمی وشەکەدا دێت، جگە لەم شێوەی نەبێت، بە بێئەوەی فۆرمی وشەکە بگۆڕێت، وشەیەکی نوێ بەرهەمدێت (Katamba & Stonham, 2010: 57-58).

ئەمەش پێشووتر کێشەی هەموو مۆدێلەکانی مۆرفۆلۆژیی پێش مۆدێلی مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی بووە، کە هەندێ وشە بەپێی هیچ پرۆسەیەکی وشەرۆنان دروستنەبوونە. چۆمسکی (١٩٧٠) لە بابەتی ناو و کاردا، وەک دوو کاتیگۆری لەناو یەک یەکەدا باسیکردوە (Chomsky, 1975: 21)؛ ئێستا ئەمە بە دارشتنی سفر ناسراوە (Kiparsky, 1982 A). وەک لە وشەی (جوان)دا ڕوونکراوەتەوە:

[جو'ان]ADJ ← [جو'ان]N

هەریەک لە وشەکانی (جو'ان) لە ڕووی فۆرمەوە وەکیەکن، بەڵام لە تایبەتمەندیدا پۆلە ئاخاوتنێکی جیاوازیان هەیە، بەشێوەیەک کە لە بنەڕەتدا ئاوەڵناوە و بە پرۆسەیەکی دارشتنی سفر دەبێتە ناو. ئەمانەش تەنیا بە گۆڕانی تایبەتمەندیی وشەیی فۆرمەکە دەناسرێتەوە.

لە ڕووی دارشتنەوە گۆڕانی تایبەتمەندیەکانی وشەیەکە و واتاکەشیان دەگۆڕێت. لێرەدا لە ڕووی فۆرمەوە لەم پرۆسەیەدا هیچ جیاوازیەک دروستنەبوە، بەڵام دەشێت لە هەندێ وشەدا گۆڕانی سەروسەگمێنتی ڕوبدات. لە زمانی کوردیدا هەندێکجار لە باری تایبەتدا، دارشتنی سفر بە تەرزی قورسایی خستنەسەر و ئاوازە دەکرێت (مەحویی، ٢٠١٠: ١٧٠) وەک لە گۆڕانی کار(مۆرفۆسینتاکس) بۆ ناو. بە نموونە: [سـ'ەرکەوت] ← [سەرکـ'ەوت]

کاتێک (سـ'ەرکەوت) وەک کاتیگۆریی کار، کە بە واتای ڕۆیشتن بەرەو بەرزایی دێت، لەگەڵ ناوی (سەرکـ'ەوت) یەک شێوەی دەرکەوتنیان هەیە، بەڵام لە ڕووی دەربڕینەوە جیاوازن و هێز لە دوو جێکەوتەی جیاوازدا دێت.

لێرەدا پرۆسەکە وەکو پرۆسەیەکی دارشتنە نەک پرۆسەی گۆڕین، ئەم وشانە بە پرۆسەیەکی گیرەکلکاندن پێکهاتوون، وەک لە وشەی (patteren)ی ئینگلیزیدا ڕووندەبێتەوە. وەک ئەوەی کاری (patteren) لە ناوی (patteren)ەوە دارێژراوە، بەم شێوەیە:

$[\text{patteren}]_N \rightarrow [\text{patteren}]_v$

پەیوەندیە دروستەکەشیان لەسەر بنەمای نەخشەی هاوبەشیان بەم جۆرە ڕووندەکرێتەوە:

$[\text{drama}]_N \rightarrow [\text{dramatize}]_v$

$[\text{system}]_N \rightarrow [\text{systematize}]_v$

ئەمە شێوەی لێکچوونەکەیانە و ڕووی هاوبەشی نەخشەکەیە لە پرۆسەی دارشتنی سفر. (kiparsky, 1982 A: 5) واتە: ئەگەر گیرەکێک هەبێت و بچێتە سەر هەر بنکەیەکی ناو و بیکا بە کار، ئەوا ئەمە دەبێتە فۆرمێکی هاوبەش و ڕووی هاوبەشی نەخشەیەک. چونکە ئەم گیرەکانە ئەرکیان گۆڕینی تایبەتمەندیی ناوێکە بۆ کار. ئەم نموونانەی سەرەوە دەبنە شێوەی بنەڕەتیی

نەخشەی داڕشتنی سفر لە کاری (patteren)دا. دەتوانرێت لە زمانی کوردیدا نەخشەیەکی هاوبەش لە وشەی (شیرین)دا ڕوونبکەینەوە، بەم شێوەیە:

[شیریـ'ن]ADJ ← [شیریـ'ن]N

دەشێت پەیوەندیە دروستەکەشیان لەسەر بنەمای ڕووی هاوبەش، لەم نەخشەیەدا بخەینەڕوو:

[شـ'اد]ADJ ← [شاد'ی]N

[پـ'اک]ADJ ← [پاک'ی]N

بەپێی ئەم مۆدێلە پێویستە چەند لایەنێکی ڕۆنانی لەم پرۆسەیەدا لەبەرچاوبگیرێت، ئەوانیش دوای ئەوەی دوو وشە وەکیەک دێن، پێویستە تایبەتمەندیی وشەکان و جێکەوتەی هێزی بنکەکان دیاریبکرێتن و لە فەرهەنگدا ڕوونبکرێنەوە.

ئەوەی ئەم وشانە لە وشەکانی دیکە جیادەکاتتەوە، دوو لایەنە: یەکێکیان ڕۆنانە مۆرفۆلۆژیەکەیەتی، وەک ئەوەی لە سەرەوە ڕوونکراوەتەوە. ئەوی دیکەیان ئەم وشە نوێیانە دوای ئەوەی دەچنە ناو سینتاکس، وەک ئەوەی کارێک بۆ ناوێک گۆڕاوە، ئەوە ناوە نوێیەکە دەتوانێت هەموو ئەو گیرەکانە وەربگرێت، کە دەچنە سەر ناوێک و وەک ناوێک هەڵسوکەوت دەکات.

### ١-٣: هێز (Stress) لە مۆرفۆلۆژیدا

کاریگەری و جۆر و جێکەوتەی هێزی وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە. هێز لە هەر زمانێکدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لە زمانی کوردیدا هێزی سەرەکییە لە وشەدا ڕۆڵدەگێڕێت، دەتوانێت ئەرکی جیاواز ببینێت. ئەویش بە گواستنەوەی هێزەکە لە نێوان ئاستە جیاوازەکاندا. وەک ئەوەی لە ئاستی مۆرفۆلۆژی یان سینتاکس (مۆرفۆسینتاکس)دا ڕۆڵدەبینێت. زمانەوانەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە یاساکانی دانانی هێز لە فەرهەنگدا لە وشەی سادە و ناسادە بە جیا و لە سینتاکسیشدا بە جیا بە سەر پێکهاتەکان جێبەجێدەبێت (مەحویی، ٢٠١٦ : ١٥٦).

- [ک'ورد] وەک ناو.
- [هەڵکەوتـ'ن] وەک چاوگ.
- [هـ'ەڵکەوتن] وەک کار لە مۆرفۆسینتاکسدا.

ئەگەر ڕاستیە ڕێزمانیەکان لەبەرچاونەگرین، ناتوانرێت شوێنی هێز دیاریبکرێت، (Fattah, 1997: 47). کەواتە: پێویستە لە کاتی دیاریکردنی جێکەوتەی هێز، هەندێ ڕاستی لە ڕێزماندا لەبەرچاوبگیرێن، بۆ نموونە: سەرەتا پێویستە یەکەی سینتاکسی و فەرهەنگی جیابکرێنەوە، چونکە دەربڕینە فۆنۆلۆژیەکان لە وشە فەرهەنگیەکاندا کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی شوێنی هێز هەیە. دەشێت جێکەوتەی هێز لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە بخرێتەڕوو:

لە وشەی سادەی فەرهەنگی (یەک برگە و فرەبرگە)دا، جێکەوتەی هێزی سەرەکی لەسەر دوا برگەیە (غریب، ٢٠١٩: ١١٨-١٢٤). بەم شێوەیە:

- ئاز'اد، سـ'ور

لێرەدا ڕووندەبێتەوە، کە پۆلە ڕەگەزە سەرەکیە فەرهەنگیەکانی (ناو و ناویەکان، ئاوەڵناو...) هێز کۆتایین (مەحویی، ٢٠١٦: ١٥٢). لەگەڵ ئەوەشدا جێکەوتەی هێزی وشە فەرهەنگیە ناسادەکان (وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان)، وەک وشە فەرهەنگیە سادەکان، هێز کۆتایین و هێز لەسەر دوا برگەی یەکە ناسادەکانە. بە نموونە:

- [بە [هـ'ێز]N] adj ← [بەهـ'ێز]adj
- [د'ار ]N [گو'ێز]N ← [دارگو'ێز]N

بەم شێوەیە، کاتێک گیرەکێک لە پێش بنکەیەکەوە دێت، ئەوا جێکەوتەی هێز ناگۆڕێت. پێشگرەکان بە زۆری لە وشە داڕشتندا هێز وەرناگرن و بێلایەن (سروشتی)ن (مەحویی، ٢٠١٦: ٢٣٤-٢٣٥)؛ بەڵام کاتێک گیرەکێک لەدوای بنکەیەکەوە دێت، ئەوا کاریگەری لەسەر جێکەوتەی هێزی سەرەکیی بنکەکە دروستدەکات و هێزەکەی بۆ خۆی ڕادەکێشێت. بەم شێوەیە:

- [چـ'ڵک]N ن]adj ← چڵک'ن]adj

بەم جۆرە لە وشەی ناسادەدا، جێکەوتەی هێز لە گیرەکە داڕێژەکان دەکەوێتە سەر دوا گیرەک، ژمارەی گیرەکەکان هەرچەندێ بێت. بڕوانە: (Fattah, 1997: 53) بەم پێیە، جێکەوتەی هێز لە وشە فەرهەنگیە سادە و ناسادەکان دەکەوێتە سەر ڤاوڵی دوا برگەی وشەکە. بەڵام لە ڕستەی بانگکردن و مۆرفۆسینتاکسدا، هێز لە سەرەتای وشەکەدایە، وەک:

- [ک'ورە!]
- [سـ'ەرکەوت.]

کەواتە: جێکەوتەی هێز لە وشەی فەرهەنگی و سینتاکسدا جیاوازە؛ لە سینتاکسدا دەکەوێتە سەر ڤاوڵی برگەی یەکەمی پێکهاتە مۆرفۆسینتاکسیەکە.


## تەوەری دووەم

## تیۆری مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی

### ٢-١: دەروازەیەک بۆ مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی (Lexical Morphology)

ئەم تیۆرە، پرۆسە ڕۆنانیەکان دەباتەوە ناو فەرهەنگی هۆشەکی (mental lexicon). بنکەکان دەبنە بنەڕەت و گیرەکەکان دەبنە بەرهەمهێن و بەپێی یاساکانی وشەڕۆنان کاردەکەن و جێکەوتەیان لەناو پرۆسەکاندا دیاریکراوە. گیرەکەکان نابنە دەروازەی فەرهەنگی و هیچ

تایبەتمەندیەکی وشەییان نابێت، نە بە تەنیا و نە بەو شێوەیەی کە ڕۆڵدەبینێت. ( McMahon, 2000: 39). ئەم تیۆرە بنەڕەتی کارکردنی لە شیکردنەوەی وشەکاندا، مۆدێلێکی وشەبناغەیە، نەک مۆرفیم بناغە، لەم تێڕوانینەوە وشە و فۆرمەوشەکان دەخرێنەڕوو ( Katamab & Stonham, 2006: 89). وشەکان لەناو چینە فەرهەنگیەکاندا بەپێی پرۆسە ڕۆنانیەکانیان بەم شێوەیە ڕوودەکرێنەوە:




نەخشەی ژمارە (١) پرۆسەی پەیوەندیی نێوان فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی ( Kiparsky, 1982 B : 4).

لەم مۆدێلەدا، دەروازە فەرهەنگیەکان لەناو پرۆسە ڕۆنانیەکاندا، بەشێوەیەکن کە وشە مۆرفۆلۆژیەکان بە ناو پرۆسە فۆنۆلۆژیەکاندا تێدەپەڕن، بۆئەوەی وشەیەکی نوێ بەرهەمبهێنن (McMahon, 2000: 5).

باسکردنی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی، لە بنەڕەتدا خستنەڕووی یاسا فۆنۆلۆژیەکانە، کە پەیوەندییان بە شێوازی گۆکردنی وشەکانەوە هەیە؛ هەروەها هەڵوێستی مۆرفۆلۆژیانەی گیرەکەکان و کاریگەرییانە لەسەر بنکەکان. بەم پێیە، ئەم تیۆرەی مۆرفۆلۆژی، تایبەتمەندیی وشەکان و زانیاریە فۆنۆلۆژیەکانی دەربڕین پیشاندەدات.

زانیاریە فۆنۆلۆژیەکان بەو سیما واتاییانە پەیوەستن، کە فۆنیمەکان لە وشەدا دەینوێنن، هەروەها ئەو یاسایانەی سنوورداریەتی بەیەکەوەهاتنی فۆنیمەکان لە وشە و زنجیرەی گوتندا دەکەن، دەگرێتەوە (مهدوی، ١٣٩٠: ٤٠-٤١). هەندێکجار تەنیا یاساکانی سەروسەگمێنتی ڕۆڵیان لە گۆڕانی کاتیگۆریە ڕێزمانیەکاندا هەیە (katamba & stonham, 2006: 14). تەنیا بە گۆڕانی جێکەوتەی هێزی وشەکان ڕوودەدات، کە ئەم پرۆسەیە شێوەیەکی پرۆسەی دارشتنی سفرە لەم تیۆرەدا.

لێرەدا جیاواز لە بۆچوونەکانی پێشوو، ئامانج ئەوە نییە گیرەکەکان لەسەر بنەمای فۆنۆلۆژی پۆلێنبکرێن، بەڵکو بەپێی ئەم تیۆرە یاسا فۆنۆلۆژیەکان، یاسا مۆرفۆلۆژیەکان شیدەکەنەوە (رفیعی، ١٣٩٩: ١٤٠). بۆیە فۆنۆلۆژی دەبێتە دەرەچەیەک و دەمانگەیێنێتە ڕاستیەک، کە دەتوانێت پێکهاتەی وشە لە مۆرفۆلۆژیدا ڕوونبکاتەوە (Aronoff, 1976: 30).

لەم تیۆرەدا پرۆسە ڕێزمانیەکان (مۆرفۆلۆژی و سینتاکس) بە سەر دوو ئاستی سەرەکی دابەشکراون، بەشێکیان لێکسیکی (فەرهەنگی -lexical)ن، ئەوەی دیکەیان دوای لێکسیکی (post-lexical)ە. بڕوانە: ( kiparsky, 1982 B : 4-5) ئەوەی یەکەمیان ئاستی مۆرفۆلۆژیە و دووەمیشیان ئاستی سینتاکسە.

هەندێ لە زمانەوانەکان پێیانوایە، پێویستە وشە ببێتە دەروازەیەکی فەرهەنگی، کە هەر دەروازەیەکی فەرهەنگی تایبەتمەندیەکانی وشەکە، لە زانیاریی فۆنۆلۆژیی دەربڕین و واتاکەی پیشاندەدات. لە بۆچوونی دەروازە فەرهەنگیەکاندا هیچ یاسا و مۆرفیمێک نامێنێت، بەڵکو وشە وەک پرۆسەیەک دەردەکەوێت (Haspalmath & Sims, 2010: 43). ئەم بۆچوونە بۆیە گرنگە، چونکە هەندێ لە وشە نسادەکان وەک یەکەیەکی بێکێشەترن، لەوەی بەپێی یاسا ڕیزبوونی مۆرفیمەکان پێکهاتبن. ئەمەش بۆ شیکردنەوەی داڕشتنی سفر دەروازەیەکی گرنگە.

ئارۆنۆڤ تێبینی ئەوەی کردوە، کە لە باری گشتیدا پەیوەندی لە نێوان فۆرم و واتادا هەیە، لەلایەکی دیکەوە بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەر دوو لایەنی فۆرم و واتاش لە نێوان خۆیاندا دابەشدەبن، ئەگەر جیاوازیی کەرەستەکان لەسەر بنەمای فۆرمی فۆنۆلۆژیی وشە بخەینەلاوە. ئەوا پەیوەندیی نێوان یەکە واتاییەکان، کە هەندێکجار پەیوەندیەکی یەک بۆ یەک، یان هەندێ بۆ هەندێکە، دەمانگەیێنێتە ئەو بارەی کە گۆڕین پەیوەندیی بە هیچ شێوەیەکی ڕۆنان و یاسا ڕۆنانیەکانەوە نامێنێت. یاخود ئەو فۆرمانەی بە زیاتر لە ئاستێکی ڕۆنانیەوە پەیوەستن، لەگەڵ زیاتر لە لایەنێکی ڕێزمانیدا دێن و دوو ئەرکی جیاواز دەبینن. هەموو ئەمانە و کێشەکانی دیکەش وەک پەیوەندیی یەک بۆ یەک لە نێوان مۆرفیمەکان و پەیوەندیی نێوان ڕۆنان و واتا، پەیوەندیی نێوان فۆرم و واتا، کە شێوەی باو و بنەڕەتە بۆ ڕۆنان لە مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم بناغە، توشی گرفت دەبێتەوە.

هەر بۆیە ئارۆنۆف لە مۆدێلی وشە بناغەدا باوەڕی بەوە هەبوو، کە یاساکانی وشەڕۆنان پەیوەستە بە گۆڕانی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی وشە لە یەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی دیکە. بەڵام مەرج نییە ئەم پرۆسەیە پێویستیی بە گیرەکلکاندن بێت. وەک گۆڕانی پۆلی وشەکان، یان گۆڕانی هەندێ سیمای واتایی وشەکان (Aronof, 1976)، کە دواتر بە داڕشتنی سفر ناسرا.

لەم مۆدێلەدا وشە نسادەکان بریتینین لە بەیەکەوەهاتنی مۆرفیمەکان، بەڵکو یەکەیەکی ڕۆنراوە "ئەم شێوازە، دەرخستنی شێوازبەندی (Formal Description) وشەیە. پێکهاتەی ڕۆنانی هەر

وشەیەک لە ڕێگای شیکردنەوە و پیشاندانی پێکهاتەکەیەوە بە دەست ناخرێ، بەڵکو لە ڕێگای دارشتن و نواندنی نەخشەی وشەوە دەکرێ" (مەحویی، ۲۰۲۱: ۳۲۲). نەخشە (schema)ی وشەکان بۆ مۆرفۆلۆژی گرنگن. نەخشەی ڕۆنانی سروشتین و بنەمای ڕۆنانی وشە لەیەکچوە نزیکەکانن، ئەمانە جۆرە نەخشەیەکن، کە لە زماندا کۆمەڵە وشەیەکی زۆری هاوشێوە دەگرنەوە و بەبەرهەمن.

لە مۆدێلی وشەبناغەدا گرنگترین بنەڕەت کە جەختی لێ دەکرێتەوە، پەیوەندیی نزیکایەتیی نێوان وشە ئاڵۆزەکانە، نەک دابەشکردنی وشەکان بۆ پارچە پێکهێنەکانیان و یاساکانی ڕۆنانی بەشەکان. بەڵکو لە پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیانەی لە ڕێگای نەخشەکان بنەمای تایبەتمەندیی وشەکە دەخرێتەڕوو.

نەخشەی وشەکان وشەی تەواو پێکدەهێنن نەک مۆرفیم. ئەم مۆدێلەی مۆرفۆلۆژی، وەک یەک یەکە مامەڵە لەگەڵ وشە ئاڵۆزەکاندا دەکات، نەک دابەشکردنیان بۆ بەشی جیاجیا و جێکەوتەیان لەناو یاساکانی ڕۆناندا. (Haspalmath & Sims, 2010: 46). ئەمەش لە زماندا هەندێ کێشەی ڕۆنانی وشە لە مۆدێلی مۆرفیم بناغەدا چارەدەکات.

کەواتە: مۆدێلی وشەبناغە، پرۆسە نازنجیرەییەکانیش ڕووندەکاتەوە. هەروەها وشەی ئاڵۆزیش (فرەمۆرفیم) لە ڕێی دارشتنی نەخشەی ڕۆنانیەوە بەدەستدەخرێت.

لێرەدا نەخشەکان یەکەی ئەبستراکتن، تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵە وشەیەک دیاریدەکەن، دەتوانرێت وەک ڕێچکەیەک بۆ وشەی نوێ بەکاربهێنرێن (Booij, 2010: 12). لەم گریمانەیەدا یاساکانی وشەڕۆنان ڕۆڵیاننامێنێت و هەرکە گیرەکەکان دەچنەسەر بنکەکان، کاتیگۆریەکەیان دەگۆڕن (kiparsky, 1982 A: 15). وەک لە وشەکانی خوارەوەدا دیارە:

$[\text{drama}]_N \rightarrow [\text{dramatize}]_V$

بەم شێوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا، بەپێی نەخشە لێکچوەکان، هەر کاتێک گیرەکی وشەدارێژ بچێتەسەر بنکەیەکی ناو، ئەوا دەشێت کاتیگۆریەکە بۆ کار بگۆڕێت. بەم پێیە: کاتێک واتای فەرهەنگی لە وشە پێکدێت، ئەوە وشە فرەمۆرفیمەکانیش یەک واتای سادەیان هەیە، نەک واتایەکی لێکدراو. لێرەدا وشە وەک یەکەیەکی فۆرمی فۆنۆلۆژی و یەک یەکەی سادە، یان ناسادە دێت و واتایەکی هەیە، وەک مۆرفیم بناغە نییە بۆ یەکە پێکهێنەکانی دابەشبکرێتەوە. پەسەندکردنی ئەو ئەنجامە، کە نیشانەی سەرەکیی وشەیە نەک مۆرفیم، دارشتنی سفر دەکاتە پرۆسەیەکی ڕۆنانی و لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی نەخشەی ڕۆنانی لە زماندا لێکدەدرێتەوە.

ئارۆنۆف پێیوایە، یاساکانی مۆرفۆلۆژی پەیوەندیی نێوان ئەو یەکە پێکهێنانەن، کە وشەکە ڕووندەکەنەوە. لە تێڕوانینی ئارۆنۆفدا یاساکانی دروستکردنی وشە و بەستنەوەی وشەیەک بە وشەیەکی دیکە، بەپێی کۆمەڵێک گۆڕانگاریی دیاریکراوی تایبەتمەندیەکانیانە. هەموو ئەو

گۆڕانانەی لە وشەدا پەیوەندیی بە واتاکانیەوە هەیە، لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدان، چونکە پەیوەندیی نێوان فۆڕم و واتا تەنیا لە ئاستی وشەدا هەیە، واتە، پەیوەندیی یەک بە یەک لە نێوان فۆڕم و واتادا هەیە، بە هۆی ئەو بارانەی کە یاسای ڕۆنانی وشەیەک دروستیدەکات زیاتر لە گۆڕانێک بە سەر فۆڕمەکەی وشەکەدا بێت و بەیەکەوە ڕوودەدەن. (Anderson, 1995: 69). بەمەش ئەو پرۆسەیەی بە گۆڕان ناودەبردرێت، تەواو دەبێتە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی و بە داڕشتنی سفر پێکدێت.

ئەم پرۆسەیە، هەر ئەو دیدگایەیە کە ئارۆنۆف (١٩٩٤: ١٦٧) هەیەتی، کە پێیوایە، ناتوانرێت ئەم بنەچەیە بە زاراوەی فۆنۆلۆژی و واتا و سینتاکس پێناسەبکرێت، بەڵکو ئەمە بەپێی فۆڕمی بنیاتنراو دیاریدەکرێت. واتە، ئەمە لە مۆدێلێکی وشەبناغە بێکێشەترە، کە بتوانرێت بنەچەیەکی هاوبەش لە پارادایمە جیاوازەکانی وەربگیرێت (Blevins, 2006: 533). بە نموونە:

- [پیـ'او]N
- [پیـ'او]adj


بەم شێوەیە ئەم دوو فۆڕمە چ وەک ناو، چ وەک ئاوەڵناو وەک یەک دەردەکەون، بە فۆڕم دیاریناکرێن، تەنیا بە مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە نەبێت، بە جیاوازیی تایبەتمەندیەکانیان دەتوانرێت ئەم دوو بنکەیە دیارییبکرێت، کە لە زمانی کوردیدا یەکیان ناوە و ئەوەی دیکە ئاوەڵناوە.

کەواتە: مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە ڕێبازێکە، کە تایبەتمەندیەکانی وشە بۆ پۆلێنکردنی یەکە ڕێزمانیەکان دەکاتە بنەما. ئەمەش ڕێگایەکە یەکەکان بە تایبەتمەندیەکانیان دەبەستێتەوە، بەڵام مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم بناغە، ئەم پۆلێنکردنە بە تایبەتمەندیی ڕێزمانیی تاکە مۆرفیمەکان دەبەستێتەوە.

### ٢-١: مۆدێلی مۆرفۆلۆژیی لێکسیکیی کیپارسکی 1982 A

دەروازە فەرهەنگیەکان کە دەبنە کەرەستەیەکی مۆرفۆلۆژی، پێویستە بە ناو پرۆسە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیەکاندا تێبپەڕن، تاوەکو وشەیەک پێکبهێنن. یاسا ڕۆنانیەکان دەبنە پێناسی چینی فەرهەنگی. دوای تەواوبوونی پرۆسە مۆرفۆلۆژیەکان، یەکە فەرهەنگیەکە دەچێتە ئاستی دوای فەرهەنگی، تا بەشداری لە یاساکانی ڕۆنانی فرێزدا بکات (kiparsky, 1982 B : 3).

لێرەدا پرۆسە مۆرفۆلۆژیەکان، لەسەر بنەمای پرۆسە فۆنۆلۆژیەکان بە سەر چینە فەرهەنگیەکاندا دابەشدەبن. چۆنیەتیی بەیەکەوەهاتنی پرۆسە مۆرفۆلۆژیەکان لەناو پرۆسە فۆنۆلۆژیەکان، لە ئاستی فەرهەنگ (ناوەوە)دا پیشاندراوە:




نەخشەی ژمارە (٢) پۆلێنی پرۆسە مۆرفۆلۆژیەکان بەپێی بۆچوونی کیپارسکی A–1982

بەم شێوەیە ئاستی فەرهەنگی لە ریزێک چین پێکدێت، بەپێی ئەم مۆدێلە پرۆسە مۆرفۆلۆژیەکان بە سەر دوو چینی فەرهەنگی دابەشکراون. چینی یەکەمی فەرهەنگی تایبەتە بە پرۆسە ناسروشتیەکان، کە تێیدا گۆرانی سەگمێنتی یان سەروسەگمێنتی بە سەر بنکەدا دێت و بە شێوەیەکی نائاسایی دروستدەبێت. چینی دووەمیش جێکەوتەی پرۆسە رۆنانیەکانی دارشتن و گەردانکردنی یاسامەندانەیە، کە لەم چینەدا پرۆسەکان سروشتین و کاریگەریی فۆنۆلۆژی لەسەر بنکەکان دروستناکەن.

کەواتە: فەرهەنگ دەستەیەک جێکەوتەی رۆنانیە، کە پێیان دەگوترێت چین. ئەمەش لایەنێکی دیاری ئەم تیۆرەیە، واتە پۆلێنی پرۆسەکانە لە شوێنێک بە ناوی چینەکان. جێکەوتەی هەر چینێکی فەرهەنگی، بواری رۆنانی دەستەیەک یاسای فۆنۆلۆژی و پرۆسە مۆرفۆلۆژیەکانە (کاری تێدانییە)(McMohan, 2000: 43) پرۆسە رۆنانیەکانیش لە رێگەی دەستەیەک یاسای فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی، لەناو ئەو چینانەدا دەنوێنرێن. بەپێی ئەم نەخشەی سەرەوە چینی یەکەم جێکەوتەی پرۆسەکانی دارشتن و گەردانکردنی ناسروشتین، بروانە: ( Katamaba & Stonham, 2006: 95–96). بە نموونە:

[Long]$_{ADJ}$ → [Length]$_{N}$ , [See]$_{V}$ → [Saw]$_{V}$ ….

بەڵام چینی دووەم جێکەوتەی پرۆسەکانی دارشتن و گەردانکردنی سروشتی (یاسامەندانە)ن، وەک:

[[Sad]$_{ADJ}$ ly] → [Sadly]$_{ADV}$ , [[Walk]$_{V}$ ed]$_{V}$ → [Walked]$_{V}$ ….

لە فەرهەنگدا هەر چینێک بەشێوەیەکی سەربەخۆ کۆمەڵە پرۆسەیەک لەخۆدەگرێت، لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی وشەکان. ئاستی فەرهەنگی، کە ئاستی سەرەکیی تیۆرەکەیە، تێیدا پرۆسە مۆرفۆلۆژیەکان بەپێی کاریگەریی گیرەکەکان لەسەر بنکە ڕیزدەکرێن.

جێکەوتەی فەرهەنگیی پرۆسەی داڕشتنی سفر بە هەمان شێوەی گیرەکەکانی دیکەی زمانەکەیە. ئەگەر لەم نەخشەیە گۆڕان بە سەر بنکەکە دابێنێت، ئەوا دەچێتە یەکەم چینی فەرهەنگی، بەڵام ئەگەر هیچ کاریگەری دروست نەکات، ئەوا لە دووەم چینی فەرهەنگیدا دێت. (Kiparsky, 1982 A : 8)، بۆ نموونە:

- چینی یەکەم: [سەرکَ'ەوتن]V ← [سەرکەوت'ن]N
- چینی دووەم: [پیـ'او]N ← [پیـ'او]adj

بەم شێوەیە لە چینی یەکەم جێکەوتەی هێزی بنکەکە گۆڕاوە، بۆیە لەم چینەدا دێت. بەڵام لە چینی دووەمدا بنکەکە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوە. گیرەکی سفریش بەپێی ئەو کاریگەرییەی لەسەر بنکە دروستیدەکات، دەچێتە ناو ئەو دەستە گیرەکەی ئەو چینەی کە داڕشتنە سفرەکەی تێدا پێکهاتوە.

لەم تیۆرەدا دیاریکردنی چینەکان لەسەر بنەمای کاریگەریی گیرەکەکانە لەسەر بنکەکانیان، ئەوانەی تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە، وەک یەک دەستە و لە یەک چیندا دێن. (Kiparsky, 1982 A : 1)

لەم تیۆرەدا گیرەکەکان، کە دەچنە ناو پرۆسەیەکی ڕۆنانیەوە، نە لە بنەڕەت و نە لە پرۆسەی داڕشتندا، هیچ تایبەتمەندیەکی وشەییان نییە. (kiparsky 1982 B : 133–134). گیرەکەکان دەبنە یەکەیەکی فەرهەنگی و جیاوازیی تایبەتمەندیی فەرهەنگی دروستدەکەن. کیپارسکی پێیوایە، وشە دەتوانێت ببێتە دەروازەی فەرهەنگی، بەڵام گیرەکەکان ناتوانن ببنە دەروازەی فەرهەنگی و تایبەتمەندیی لێکسیکی هەڵناگرن (kiparsky, 1982 B : 6). گیرەکەکان وەک بنکەکان نین و ناخرێنە ناو کەوانەی شکاو (McMahon, 2000 : 39).

گیرەکەکان بەپێی تایبەتمەندیەکانیان دیاریدەکرێن (ارام، ١٣٨٩: ١٨٩)، (برندق، ١٩٩٤: ٢٧)، (katamba & Stonham, 2006 : 104)؛ کە ئەمانەن:

- دیاریکردنی پۆلی بنکەکە، کە بە پرۆسەکەدا تێدەپەڕێت.
- ئەو گیرەکەی کە بە بنکەکەوە دەلکێنرێت.
- زانیاری لەبارەی شوێنی ئەو بنکەیەی پێوەیدەلکرێن.
- دۆزینەوەی پۆلی ئەو وشەی بەرهەمهاتوە.

- دەستنیشانکردنی ئەو چینەی گیرەکەکەی تێدا دێت (لەگەڵ تایبەتمەندیە گشتیەکانی چینەکە).

بەم شێوەیە گیرەکەکان ڕۆڵیان لە پرۆسەکانی ڕۆناندا هەیە، لە دیاریکردنی پۆلی بنکەکان کە دەشێت گۆڕانی واتایی بنکەکەی بەدواوە بێت، یان لایەنی ڕێزمانیی بنکەکە. ئەم پۆلانە ئەو دەستە گیرەکە دیاریدەکەن، کە دەتوانن وەریانبگرن و زانیاریەکانی بنکەکەیان ڕووندەکەوە، ئەو پۆلە وشەش دیاریدەکەن، کە بەهۆی ئەو گیرەکانەوە بەرهەمدێن، بەم شێوەیە بنکەکان دەتوانن دەستنیشانی ئەو چینە بکەن، کە پرۆسە ڕۆنانیەکەی تێدا ڕوودەدات، هەروەها جێکەوتەی گیرەکەکانیش لەناو چینە فەرهەنگیەکاندا دیاردەکات.

چین بەندکردنی گیرەکەکان بەپێی توانای دروستکردن و دروستنەکردنی گۆڕانە فۆنۆلۆژیەکان لەسەر بنکەکانیانە. پەیوەندیی بە هەڵسوکەوتی گیرەکەکانەوە هەیە لەسەر بنەمای هێزی کاریگەریان لەسەر بنکەکان. ئەمەش پەیوەندیی بە سنووری هێزەوە هەیە ( Bauer, 2003 : 174). ئەمانەش لە ڕووی ئەزموونییەوە، بە هۆی نیشانە جیاوازەکانیان لە ڕووی ڕەفتاری فۆنۆلۆژیەوە، کە لە مۆرفۆلۆژیدا دەنوێنن، لە یەکدی جیادەکرێنەوە. بەم پێیە، گیرەکەکان بەپێی ئەو جێکەوتەیەی لەناو پرۆسە مۆرفۆلۆژیەکاندا هەیانە، دەبن بە دوو جۆر لە فەرهەنگدا. (Anderson, 1995 : 253)

بەپێی ئەم تایبەتمەندیانە گیرەکەکان و جێکەوتەیان دیاریدەکرێن. ئەمەش تەنیا بە یەک گیرەکەوە پەیوەست نییە، بەڵکو هاوبەشیەک لە نێوان ئەو پۆلە گیرەکە دروستدەکات. هەر بەپێی تایبەتمەندیەکانیان، گیرەکەکان لە فەرهەنگدا بۆ دەستەی جیاواز پۆلدەکرێن. بەم پێیە، مۆرفی سفر بەپێی تایبەتمەندیی پۆلەکەی دیاریدەکرێت، کە لە کام چینی فەرهەنگیدا دێت.

گیرەکەکانیش بەپێی جێکەوتەیان لەناو ئەم دوو پرۆسەیەدا، دەبن بە دوو بەش: دەستەیەکیان گیرەکە لایەنگرەکانن؛ ئەو گیرەکانەن دەچنە سەر بنکەیەک و کاردەکەنە سەر جێکەوتەی هێزی سەرەکیی بنکەکە و دەیگۆڕن، ئەم گیرەکانە بە چینی یەکەمی فەرهەنگی پەیوەستن ( Katamba & Stonham, 2006 : 89)

دەستەکەی دیکە، گیرەکە بێلایەنەکان، ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کاتێک بە وشەوە دەلکێن، هیچ کاریگەریەکی سەگمێنتی یان سەروسەگمێنتی دروستناکەن، کارناکەنە سەر هێزی سەرەکیی بنکەکە و نایگۆڕن (مەحویی، ٢٠١٦: ٢٣٤)، ئەم پرۆسانە لە چینی دووەمی فەرهەنگیدا ڕوودەدەن (Katamba & Stonham, 2006 : 89)

بەم شێوەیە، هەموو گیرەکان دەکرێن بە دوو پۆل، پۆلێکیان ئەو گیرەکانەن، کە کاریگەری لەسەر بنکەکانیان دروستناکەن و بێلایەنن؛ پۆلەکەی دیکەیان ئەوانەن، کە کاریگەریی سەگمێنتی یان سەروسەگمێنتی لەسەر بنکەکانیان دروستدەکەن، گیرەکێکی لایەنگرن.

## تەوەری سێیەم

## داڕشتنی سفر لە زمانی کوردیدا

### ١-٣: پرۆسەی داڕشتنی سفر لە زمانی کوردیدا بەپێی مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی

پرۆسەکانی داڕشتنی سفر لە زمانی کوردیدا، لەسەر بنەمایەکی یاسامەندانە و نەخشەیەکی هاوبەش دروستدەبن. بەگشتی بە دوو جۆر پێکدێن، بەم شێوەیە:

**یەکەم: ئەو پرۆسانەی بەبێ ئەوەی گۆڕانێکی سەگمێنتی یان سەروسەگمێنتیی بە سەر بنکەکانیاندا بهێتن، ڕوودەدەن. وەک:**

ئەو بنکانەی ناون بەهۆی داڕشتنی سفرەوە دەبنە ئاوەڵناو:

- [پیـ'ـاو]N ← [پیـ'ـاو]adj
- [مند'اڵ]N ← [مند'اڵ]adj
- [ژ'ن]N ← [ژ'ن]adj

بەم جۆرە لە ئاستی سەرەوەدا ناتوانرێت بە وردی ناو و ئاوەڵناو لەیەکدی جیابکرێتەوە، چونکە ئەمانە هاوفۆڕمن، بەڵام لە ڕووی واتا و ئەرکەوە جیاوازن (مارف، ٢٠١٤: ٢٩). بەم پێیە، هیچ جیاوازیەک لە فۆڕم و دەربڕینی هەندێ ناو و ئاوەڵناوەدا نییە. کەواتە: ڕیزکردنی مۆرفیمەکان و یاسا ڕۆنانیەکان، ئەمەیان پێ ڕووناکرێتەوە، بەڵکو ئەمە بە مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە دەکرێت، کە لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی هاوبەش لە ڕۆنانی نەخشەکاندا، تایبەتمەندیی وشەکان دیاریدەکات.

بەپێچەوانەی یاسای پێشوو، ئەمجارەیان لە بنکەی ئاوەڵناوێکەوە ناوێک دادەڕێژرێت، بە نموونە:

- [جو'ان]adj ← [جو'ان]N
- [ناسـ'ـک]adj ← [ناسـ'ـک]N
- [هەژ'ار]adj ← [هەژ'ار]N

بەم پێیە، هەندێ لەو بنکانەی لە بنەڕەتدا واتای وەسفکردنی ناوێک یان شتێک دەگەیێنن، دەتوانن ببن بە ناو و هەموو تایبەتمەندیەکانی ناو وەربگرن، ئەمەش لەسەر بنەمای پرۆسەی داڕشتنی سفر دروستدەبن.

هەروەها دەشێت ئاوەڵناوەکان ببنە بنکە و ئاوەڵکاریش دابڕێژن:

- [جو'ان]adj ← [جو'ان]adv
- [هێمـ'ـن]adj ← [هێمـ'ـن]adv

- [خێر'ا]adj ← [خێر'ا]adv

هەریەک لەم ئاوەڵناوانە بەهۆی دارِشتنی سفرەوە، بەهەمان فۆرم و دەربرِینەوە هەم وەک ئاوەڵناو دێن، هەم وەک ئاوەڵکاریش، هەموو تایبەتمەندی و ئەرکی ئاوەڵکار وەردەگرن.

هەروەها دەشێت ئاوەڵکار لە رِێگای پرِۆسەی دارِشتنی سفرەوە ببێتە ئاوەڵناویش:

- [ز'ۆر] adv ← [ز'ۆر]adj
- [ک'ەم]adv ← [ک'ەم]adj

لەم نموونانەی سەرەوە رِووندەبێتەوە، کە ئاوەڵکارە چەندیەکانی وەک: (زۆر، کەم، نەختێ،... هتد) دەشێت ببن بە ئاوەڵناو، بەبێ ئەوەی گۆرِانێکیان بەسەردابێت.

رِەگی کار دەبێتە بنکە بۆ دارِشتنی ناو:

رِەگ وەک هەر بنکەیەکی دیکەی زمانی دەتوانێت ببێتە دەروازەی فەرهەنگی، دەشێت وەک وشەیەکی فەرهەنگی دەربکەوێت، ئەمەش بەپێی پرِۆسەی دارِشتنی سفر، کە رِەگەکە دەکاتە ناو و هەموو تایبەتمەندیەکانی ناوی تێدا بەرجەستەدەبێت، وەک:

- [خ'ەو]V ← [خ'ەو]N
- [رِ'ەنج]V ← [رِە'نج]N
- [تر'س]V ← [تر'س]N
- [پر'س]V ← [پر'س]N

هەمو ئەو پرِۆسانەی لە سەرەوە خستمانەرِوو، لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی نەخشەی رِۆنانی لە زمانی کوردیدا پێکهاتوون، بەبێ ئەوەی بنکەکان گۆرِانێکی سەگمێنتی یاخود سەروسەگمێنتییان بەسەردا بێت. ئەم پرِۆسانە لە چینی دووەمی فەرهەنگیدا رِوودەدەن.

**دووەم: جۆرێکی دیکە لە پرِۆسەکانی دارِشتنی سفر ئەو بنکانەن، کە گۆرِانی سەروسەگمێنتییان بەسەردادێت، بەڵام بە هەمان شێوەی پرِۆسەکانی دیکە، فۆرمی وشەکە ناگۆرِێت.**

ئەم پرِۆسەیە لە زمانی کوردیدا زیاتر لە کاتیگۆریی (کار)دا رِودەدات، چونکە جێکەوتەی هێزی جیاوازە. بەم شێوەیە:

هەموو کارەکانی رِابردووی تێپەرِ بۆ کەسی دووەم و سێیەمی کۆ لە زمانی کوردیدا دەتوانن ببنە بنکە و ناوی چاوگ رِۆبنێن:

- [ه'اتن]V ← [هاتن'ن]N
- [سەرک'ەوتن]V ← [سەرکەوتن'ن]N

بەم پێیە، دەتوانرێت کارەکانی ئەم تافە پۆلی وشەکەیان بۆ ناو بگۆڕدرێت. (بڕوانە: خالد، ٢٠٢٢: ٨٣). لەم شێوە ڕۆنانەی ناودا، فۆڕمی وشەکە ناگۆڕێت، تەنیا تایبەتمەندیی واتایی وشەکە و جێکەوتەی هێزی بنکەکە دەگۆڕێت. بەمەش جێکەوتەی پڕۆسە ڕۆنانیەکە دەکەوێتە چینی یەکەمی فەرهەنگی.

قەدی کاریش دەبێتە دەروازەی فەرهەنگی و بنکەی ناو پێکدەهێنێت:

- [ڕ'ێکەوت]V ← [ڕێک'ەوت]N
- [هـ'ەڵکەوت]V ← [هەڵک'ەوت]N

ئەو کارانەی وەکو قەدن دەگۆڕێن بە دەروازەی فەرهەنگی، بە پڕۆسەی دارشتنی سفر دروستدەبن. سەرباری تایبەتمەندیی وشەکە، ئەوا جێکەوتەی هێزی سەرەکیش دەگۆڕێت و لە سەرەتای بنکەکەوە بۆ دوا ڤاوڵی وشەکە دەگوازرێتەوە، بەبێ گۆڕانی فۆڕمی سەگمێنتی وشەکە.

بەم شێوەیە، هەموو ئەو پڕۆسە ڕۆنانیانەی کارێک دەکەن بە دەروازەی فەرهەنگی، جێکەوتەی ڕۆنانیی نەخشەکەیان دەکەوێتە چینی یەکەمی فەرهەنگی، چونکە گیرەکەکان کاریگەریی فۆنۆلۆژی لەسەر بنکەکان دروستدەکەن و جێکەوتەی هێزی سەرەکیی وشەکە دەگۆڕن.

ئەوەی جێگای سەرنجە، هەموو پڕۆسەکانی دارشتنی سفر لە زمانی کوردیدا لەسەر بنەمای نەخشە ڕۆنانیە تەریبەکان پێکدێن، کە تایبەتمەندیەکانیان دەگۆڕێت، بەڵام لە ئەنجامی پڕۆسە ڕۆنانیەکە هیچ گۆڕانێک بە سەر فۆڕمی سەگمێنتی وشەکاندا نایێت، جگە لە هەندێ پڕۆسە نەبێت، کە گۆڕانی سەروسەگمێنتی بە سەر وشەکەدا دێت.

## ئەنجام

– پڕۆسەکانی دارشتنی سفر لە زمانی کوردیدا، بەپێی پڕۆسە فۆنۆلۆژیەکان لە چینی جیاوازی فەرهەنگیدا دێن. کە بۆ دوو جۆر دابەشدەبن:

یەکەم: ئەو پڕۆسە ڕۆنانیانەی کاریگەریی سەگمێنتی و سەروسەگمێنتی بە سەر بنکەدا ناهێنن، لە چینی دووەمی فەرهەنگیدا دێن، وەک:

– لە بنکەی ناوەوە، ئاوەڵناوێک دادەڕێژن.
– لە بنکەی ئاوەڵناوەوە، ناو و ئاوەڵکار دادەڕێژن.
– لە بنکەی ئاوەڵکارەوە، ئاوەڵناو دادەڕێژن.
– لە بنکەی ڕەگەوە، ناو دادەڕێژن.

دووەم: ئەو پرۆسە رۆنانیانەی گۆرانی فۆنۆلۆژی بە سەر بنکەکەیدا دەهێنێت، جێکەوتەی هێزی بنکەکە دەگۆرێت و لە چینی یەکەمی فەرهەنگیدا دێن، ئەمانیش زیاتر ئەو وشانەن، کە لە بنکەی کارێکەوە دادەرێژرێن. وەک:

- لە بنکەی کارەوە، ناو دادەرێژن.
- گیرەکە دارێژەکانی (سفر) لە زمانی کوردیدا دەچنە سەر بنکەکانی وەک: (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار، رەگ و قەد) و کاتیگۆریەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار) دادەرێژن.

## سەرچاوەکان


بە کوردی:

- شێروانی، ئەردەوان تۆفیق فتاح (٢٠١٥)، *پۆلگۆرینی وشە لە رستەسازی زمانی کوردیدا*، نامەی ماستەر زانکۆی سەلاحەددین هەولێر.
- مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠١٤)، *فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی*، چاپی دووەم، دەزگای رۆژهەلات، هەولێر.
- خالد، چیا طاهر (٢٠٢٢)، *پرۆسەی گۆرین لە زمانی کوردیدا*، ماستەرنامە، زانکۆی سۆران.
- محمد، حاتم ولیا (٢٠١٩)، مۆرفۆلۆجی، چاپی یەکەم.
- غەریب، دڵشاد محەمەد (٢٠١٩)، *هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکووکدا*، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- کەرەمی، سەعید (١٣٩٦)، *وشەناسی زمانی کوردی*، انتشارات کردستان، زانستگای کوردستان، سنندج.
- ناوخۆش، سەلام (٢٠١٨)، *لەبارەی مۆرفۆلۆژی و سێنتاکس و مۆرفۆسێنتاکس*، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
- خۆشناو، شیروان حوسێن (٢٠١٦)، *توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و راپەراندنی ئەرکی سینتاکسیدا*، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
- مەحویی، محەمەدی (٢٠١٠)، *مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچونی پێکهاتەکان- مۆرفۆلۆژی کوردی*، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەدی (٢٠١٦)، *مەنامە*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.
- مەحویی، محەمەدی (٢٠٢١)، *مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیی کوردیی*، بەرگی یەکهەم و دوهەم، چاپی یەکهەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی

بە زمانی فارسی:

- رفیعی، عادل (۱۳۹۸)، "*نظریه صرف واژگانی در بوته نقد*" در واژه و واژه زندگی: جشن نامه دکتر ویدا شقاقی/ به اهتمام شهرام مدرس خیابانی فریبا قطره، نشر نویسه پارسی، نوبت چاپ اول، چاپ و صحفی روز.
- مهداوی، مصطفی (۱۳۹۰)، *بازداری در ساختواژه زبان فارسی در چارچوب ساختواژه واژگانی*، پایاننامه کارشناسی ارشد رشته زبانشناسی.
- برندق، مهدی عیدی (۱۹۹٤)، *بررسی لایه‌ها و سطوح وندها در زبان ترکی آذربایجانی بر پایه‌ی نظریه‌ی کیپارسکی*، پایان نامه برای دریافت درجه کارشناسی ارشد، دانشگاه متحقق اردبیلی.
- آرام، یوسف (۱۳۸۹)، *بررسی فرایند اشتقاق در زبان ترکی آذرباجانی*، مجله پژوهش علوم انسانی، سال نهم، شماره ٢٤، پائیز و زمستان ۱۳۸۷.

به ئینگلیزی:

- Anderson, Stephen R. (1995) *A-MORPHOUS MORPHOLOGY*, CAMBRIDGE university press.
- Aronoff, M. (1976) *Word Formation in Generative Grammar*, Cambridge: MIT Press.
- Blevins, James P. (2006) *Word-based morphology*, J. Linguistics 42 (2006), 531–573. f 2006 Cambridge University Press, United Kingdom
- Booij (2010) *The Grammar of Words*, Oxford University Press is a department of the University of Oxford.
- Chomsky, Noam (1970) *Remark of The Nominalazion*, De Gruyter Mouton 1972, Studies on Semantics in Generative Grammar. p: 11-61. https://sci-hub.zidianzhan.net/10.1515/9783110867589-003.
- Fattah, Muhammad Maruf (1997) *A Generative Grammar of Kurdish*, desertion of doctor, university of Amsterdam.
- Haspelmath, Martin & Sims, Andrea D. (2010) *Understanding Morphology*, second edition, Hodder Education.
- https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/conversion.
- Katamba, francis & Stonham, John ( 2006 ) *Morphology*, Second edition, palgrave macmillan

- Kiparsky, paul (1982 A) *Lexical Morphology and phonology*, The linguistics Society of korea, Linguistics, Hanshin Publishing Company, Seoul korea.
- Kiparsky, paul (1982 B) *word-formation and The Lexicon,* https://kuscholarworks.ku.edu/bitstream/handle/1808/20827/MALC_1982_3-29_Kiparsky.pdf?sequence=1 P: 3-28
- Max Kisselew, Laura Rimell, Alexis Palmer, and Sebastian Pado (2016) *Proceedings of the 14th Annual SIGMORPHON Workshop on Computational Research in Phonetics, Phonology, and Morphology*, pages 93–98, Berlin, Germany, August 11, 2016. c 2016 Association for Computational Linguistics.
- McMahon, April. (2000) *Lexical Phonology and the History of English*, Cambridge University Press. UK.
- Schönefeld, Doris (2005) *Zero-derivation –Functional Change–* Metonymyhttps://www.researchgate.net/publication/235944115
- Yule, George (2020) *The Study of Language*, Seventh Edition, Cambridge university press.

فرایند اشتقاق صفر در زبان کردی از نظر نظریه صرف واژگانی

چکیده:
بر اساس نظریه صرف تکواژ – بنیاد، تکواژها پایهء فرایند ساختواژه بەشمار می آیند، اما در فرایندی مانند تبدیل (اشتقاق صفر) این نظریه نمی تواند ساخت برخی از واژگان را توصیف کند مانند آنچه در واژهء (زیبا)صفت (زیبا)اسم دیده می شود. در این فرایند هیچ وندی در ساخت آن دخیل نیست، در این راستا اصولی برای دستور ساخت اینگونه واژگان یافت نمی شود که در طی فرایند ساختواژه پدیدار می شوند.
الگوی صرف واژگانی می تواند راهکار ساخت این واژگان را مشخص نماید که در فرایند اشتقاق صفر ساخته می شوند. این روند برپایهء راهکارهای ساختاری در زبان، مشخصاتشان قابل تشخیص می باشد. هنگامی که واژەها به عنوان پایه در نظر گرفته می شوند، وندها فقط نقش تبدیل مشخصات را بر عهده خواهند داشت. تبدیل مشخصات واژەها، فرایند را آشکار می سازند. در زبان کوردی کل فرایند اشتقاق صفر طبق قوانین دستوری در دومین لایه واژگانی شکل می یابند، بجز افعالی که از سطح نحوی به واژگان ورود پیدا می کنند؛ زیرا جایگاه اصلی تکیه آنها تغیر یافته و در نخستین لایه واژگانی جای می گیرند.
کلیدواژه: طرحواره، اشتقاق صفر، صرف واژگانی، لایه.